کەریم مستەفا

# گەڵا شیعر

# کڵپەیەک لە بەستەڵەکدا

## بیۆرن نیتبەرگ، دەنگێک لە باکوورەوە

ساڵی ١٩٩١ تازە گەیشتبوومە نەرویج، ڕۆژێک لە کلاسی فێربوونی زماندا (لە یەکێک لە پۆلەکانی ئەو تاقە قوتابخانە سەرەتاییەی کە لە شارۆچکەی فینسنس بوو لە باکووری نەرویج) دانیشتبووم لە پڕ کابرایەکی باڵابەرزی چاویلکە لە چاو خۆی کرد بە ژووردا، پەڕەیەکی بە دەستەوە بوو، وتی: "دەزانم هەندێ کورد لەم کلاسەدا هەن، دەمەوێت زۆرتر دەربارەی (مەمێ ئالان) ببیستم و بزانم کێیە؟"

لە ڕاستیدا من زۆرم پێ خۆش بوو کە کەسێکی نەرویجی لە (مەمێ ئالان) دەپرسێت، هەرچەندە من تەنیا مانگێ بوو چووبوومە کلاسەکە و لە خۆم ڕانەدەبینی بە نەرویجی قسە بکەم، گەرچی (سێ چوار) کوردی دیکە لە پۆلەکەدا بوون و ماوەیەک پێشتریش دەستیان بە خوێندن کردبوو، بەڵام زۆرم پێ سەیر بوو کە کەسیان نەیاندەزانی مەمێ ئالان (چییە؟!) هەندێ شتی سەیر و سەمەرەیان وت! منیش خۆم پێ نەگیرا و لە کابرا چوومە پێشەوە و بە ئینگلیزییەکی ساکار وتم: "من هەندێ شت(!) دەربارەی (ئەحمەدی خانی و مەمێ ئالان) دەزانم، گەر حەز بکەیت بۆت باس دەکەم." کابرا، بە ئینگلیزییەکی لەوەی من ساکارتر! وەڵامی دامەوە و پێخۆشحاڵی نیشاندا، منیش ئەوەی کە دەمزانی بۆم باس کرد (بێگومان ئەو کارەم بووە مایەی توانجتێگرتن و



بیۆرن نیتبەرگ ـ تایبەت بە پەیام

ڕقلێهەڵگرتن لە لایەن ئەو کوردانەوە و هاوڕێیەتییەکی بەتین لەگەڵ بیۆرندا!)

"هاوڕێی ئازیزم! وشە و شیعری جوان لە هەر کوێ بن هەر هەمان کاریگەرییان هەیە و هەر هەمان دوژمنیشیان هەیە. ئەو وەڵامەتم زۆر بە دڵە کە دەڵێیت": کاتێ ئەو شیعرەتم خوێندەوە پێموابوو لە کوردستان نووسراوە، چونکە وامدەزانی شاعیرانی نەرویج، ئەدەبیاتی شۆسک(١) تریفەی مانگەشەو و خوڕەی ئاوی کانی و سروەی بەیانی، لە بیر بردوونەتەوە!"(٢)

### ٩/٢٨.....

نازم حیکمەت،
تۆیەک کە ساڵەها لە زیندانەکانی تورکیادا بوویت.
ئەمڕۆ جارێکی کە شیعرەکانتم خوێندەوە و
سنووقێ (سێوی زستانە)م لە ژێرزەمینەکە هێنایە دەرەوە.
سنووقەکەم لەسەر مێزی هۆڵەکە دانا و
بە دەرنەفیزێکی گەورە توڵەکانی سنوقەکەم شکان.(٣)

...منیش کاتێک (پایز)م خوێندەوە پێموابوو گۆران، خەڵکی ئەم باکوورە (مات و زیزە)یە(٤)

### ٩/١٣......

ئەمڕۆ دەچم بۆ کوردستان
لەوێ چاوم دەکەوێ بە گۆران
ئاورێ دەکەینەوە لەکن تاڤگان
بەرز دەبێتەوە دووکەڵ بۆ ئاسمان و
دێتەخوار ئاو بە تافان(٥)

"گەر بە ناخی کولتوورەکەتدا نەچیتە خوارێ، گەر مێژووی خۆت نەخوێنیتەوە، گەر ئەدەبی خۆت نەخوێنیتەوە و زمانەکەی خۆت نەزانیت، بێگومان ناتوانیت لە خۆت بگەیت؛ گەر لە خۆشت نەگەیت ئەوا هەرگیز ناتوانیت لە دیگەرانیش بگەیت و لەگەڵیاندا بژیت!"(٦)

### ٩/٢٠.....

پاشایەک، تۆپێکی نایلۆنی شایستەیە!(٧)

"حەز دەکەم لە ڕێگای تۆوە سڵاوی خۆم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاعیران و ئەدەبدۆستان بە تایبەتی بنێرم. گەرچی ئێمە لەم سەری دنیاین و لە جەرگەی ڕووداوەکانەوە دوورین، بەڵام وەنەبێت هیچ کاریگەرییان لەسەر ژیانی ئێمە نەبێت. ئێمەش کەوتووینەتە داوی ئەمریکاوە و بە (ناڕاستەوخۆ) هەر لە ١٩٤٥ەوە واین لەژێر دەستی ئەمریکادا و سیاسەتمەدارەکانیشمان ئەوە پەنجا ساڵە هەمان دەهۆڵ دەکوتن کە گوایە (دوژمنێک) لە باکوور بۆمان لە کەمیندایە... دەزانم خەباتی خەڵکی کوردستان ڕەوایە و هەر بە ئامانجی خۆیان دەگەن؛ بەڵام مرۆڤ نابێت پشت بە گورگێ ببەستێت بۆ ڕاونانی گورگێکی کە... ئەمریکا بە دەستێکی نوقڵت دەداتێ و بە دەستەکەی دی گیرفانت دەبڕێت!"(٨)

### ٩/١٠.....

چوار دیوار و پەنجەرەیەک.
دەستەکانم لە گیرفانم ئاخنیوە.
دەزانم لە قووڵایی زەویدا درەخت؛
ناوی زۆردارانی لەسەر ڕەگی خۆی هەڵکۆڵیوە.(٩)

"ئەو سەردەمەی قوتابی بووم لە ئامادەیی و دواتریش وەک ئەدەبدۆستێک گەلێ لەو شیعر و ئەدەبیاتە فارسی و عارەبیەم خوێندۆتەوە کە تەرجوومە کراون بۆ نەرویجی وەک بەرهەمەکانی (ئیبن بەتوتە، ئەبولقاسم، ئیبن ئەلفەرید، حافز، خەیام و... زۆربەی چیرۆکەکانی هەزارویەک شەوە) و چێژم لێ دیون؛ بەڵام کاتێ کە بە هۆی ئەو بەشە کەمەی لە ئەدەبی کوردی تەرجومە کراوە بۆ زمانی ئینگلیزی و سویدی و چەند شیعرێکیش کراون بە نەرویجی و ئەوەش کە تۆ بۆت باس کردووم و پێکەوە بیروڕامان لەسەر گۆڕیوەتەوە، وا تێ دەگەم کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی زۆر دەوڵەمەندە، گەر ئەوروپا پێی ئاشنا بێت ئەوا دەرگای دنیایەکی ئەدەبی پڕ لە جوانی و پڕ لە ژان و هاواری ئینسانی بە ڕوودا دەکرێتەوە! شیعرەکانی شێرکۆ دەمهەژێنن و کاریان تێ کردووم، ئەو پارچە شیعرەم لەژێر کاریگەریی شیعری (ڕەنگ)ی شێرکۆ دا نووسیوە، ئەو چەند پارچە شیعرەی حەمدی کە بۆت تەرجوومە کردم بە تایبەتی ئەم پارچەیە:

سوبح پێ ناکەنێ تا بێنەوایەک شەو بە دڵ نەگری
گوڵێ ناپشکوێ تا بولبلی سوبحێ بە کوڵ نەگری
بەری نابێ درەختی باغی عالەم.................

من پێموایە ئەم کابرایە ئازاری مرۆڤایەتی و جوانی لەو دێڕانەدا نیشانداوە. گۆران، تا بڵێیت جواناس بووە، ئەو پاییزەی تۆ بۆت تەرجەمە کردم هێندە جوانە و ئەوەندە کاری تێ کردم کە دەبووایە لەو کۆمەڵە شیعرەمدا ناوی گۆران بهێنم."(١٠)

"ئێمە لە نەرویج ئەدەبەکەمان ئەدەبی دژایەتییە، ئیبسن دژی تەقالید و ڕێسا باوەکانی ئەو سەردەمە وەستایەوە، بۆرجوازیەت ترسی لێ نیشت و ئیبسنیان بە گێرەشێوێن لە قەڵەم دا، دواتر کە زانییان بۆیان خەفە ناکرێت جا باوەشیان بۆ کردەوە و بە نووسەری خۆیان لە قەڵەم دا. لە ساڵەکانی ٤٠ تا ٤٥ چەند شاعیر و نووسەر دژی نازیستە داگیرکەرەکان وەستانەوە و ئەدەبی بەرگرییان هێنایە بەرهەم وەک (ڕۆڵف یاکۆبسن و ئەرنەئۆلف ئۆڤەرلاند و نوردال گریگ) و زۆری دیکەش لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرێکی زۆر بەناوبانگمان (کنوت هامسۆن) کە بەرەندەی خەڵاتی نۆبڵ بوو لە ساڵی ١٩٢٠دا بەرەی هەڵە یان بەرەی دوژمنی هەڵبژارد و پێشوازی لە هیتلەر و نازیستەکان کرد و پێی وابوو کە هیتلەر بە ڕاستی قارەمانی ڕەگەزی ئارییە. ئێستاش چەندەها شاعیر و نووسەر دژ بە لیبراڵی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد و کردنی هەموو بەها ئینسانییەکان بە کاڵا و ڕاسیزم و هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی جنسی و ڕەگەزی و کولتووری و دینی دەوەستنەوە."(١١)

## بیری ئێمە ئازادە

بۆ ئەوانەی،
کە دەیانەوێ هەر بیرێ زیندانکەن و
هەر خەونێکیش ئەشکەنجە بەن.
بۆ ئەوانەی
لە هیوا و ئارەزوو دەترسێن.
بە خۆشی ڕەش دادەگیرسێن و
لە بزەی منداڵ دەتۆقێن.
بۆ ئەوانەی،
دەیانەوێ هەموو بیرێکی نوێ بکوژن و
لە هەموو شتێ دەترسن کە بۆنی ئازادی لێدێ.
بە ئەوانە دەڵێم
ئێوە هەرگیز پیرۆز نابن، چونکە بیری ئێمە ئازادە!
ئێمە لەسەر هەر دیوارێ دەینووسین،
لەسەر هەر شورا و پەرژینێ،
چ لە نۆرگە(١٢) چ لە کوردستان.
ئێمە لە قەدی هەر درەختێکی هەڵدەکۆڵین،
لەسەر هەر بستە خاکێ دەینووسین
بیری ئێمە ئازادە.
(تفەنگ و ڕەقیب)یان هەیە ئەوان؛
بەڵام ئێمە سەر دەکەوین،
چونکە بیری ئێمە ئازادە!(١٣)

"من بە شێوەک دەنووسم کە خوێنەر بە دیارییەوە ڕابمێنێت و بیری لێ بکاتەوە ڕاگوزەرانە بە سەریدا تێ نەپەڕێت. ئەمڕۆ ڕووداو و کارەساتەکان هێندە بە پەلە دێن و تێ دەپەڕن کە لەبەر سەرقاڵیی ژیان فریا ناکەوین ئاگاداری زۆربەیان بین، بۆیە پێموایە جوانی تەنیا لە وێنە زل و زەقەکاندا نییە، بەڵکوو وێنە بچووک و ساکارەکان چڕ و پڕماناترین وێنەن!"(١٤)

### ١٠/١٤....

ئێمە جادە قیریتاوەکان
بە سمۆرەی پلیقاوە دەنەخشێنین (١٥)

### ١٠/٦....

دڵ پەمپێکە.
دڵ پەمپێکە.
دڵ پەمپێکە.
دڵ پەمپێکە.(١٦)

بیۆرن هۆگر نیتبەرگ، ساڵی ١٩٥١ لە ئۆسلۆ ــ نەرویج لە دایک بووە. بیۆرن هەر لە تافی لاوییەوە بیروباوەڕی سۆسیالیزم هەڵدەبژێرێت و کاری بۆ دەکات. ساڵانی ٦٨-٦٩ لە ئۆسلۆ لەگەڵ چەند لاوێکی دیکەدا کۆمیتەی پاڵپشتی لە خەباتی گەلی ڤیتنام، دادەمەزرێنن؛ بەو هۆیەوە دەکەونە ژێرچاودێری پۆلیسەوە (بۆ زانیاریی زیاتری خوێنەر، لە ساڵی ١٩٤٥ بە دواوە هەرچی نووسەر، ڕۆشنبیر و سیاسییەک کە بۆنی چەپی کۆمۆنیستی لێ هاتبێت هەموو هەڵسوکەوت و پەیوەندییەکی، لەژێر چاودێریدا بووە و مەلەفی تایبەتی بۆ کراوەتەوە. ئەم کێشەیە بۆتە مایەی مشتومڕێکی سیاسیی قووڵ و چەند کۆمیتەی پەرلەمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەم کێشەیە دەستنیشان کراوە؛ تەنانەت چەند سەرۆکوەزیران و ئەندامی پەرلەمانیش خراونەتە ژێر چاودێرییەوە. ئەو کارە هاوسەر و منداڵ و خزم و کەسی، چاودێرکراویشی گرتۆتەوە!)

بیۆرن، ساڵانی ٧٥-٧٦ ئامۆژگای مامۆستایان تەواو دەکات و وەک مامۆستا دەچێتە باکووری نەرویج، شارۆچکەی (فینسنیس)، هەر لەوێ هاوسەرێک دەدۆزێتەوە و نیشتەجێ دەبێت. بیۆرن «٣» منداڵی هەیە و مامۆستای تایبەتکارە بۆ فێرکردنی ئەو منداڵانەی کە بە زەحمەت فێرە خوێندن و نووسین دەبن.

بیۆرن، تا ساڵی ٩٣ ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی نەرویج بوو؛ بەڵام زستانی ئەو ساڵە، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی یەکێتی لە شاری (بۆدۆ) ئەو و چوار نووسەری دیکە بە ناڕەزاییەوە لەو یەکێتییە جیا بوونەتەوە و کۆمیتەیەکیان بە ناوی (بەرەی وشە) لە هەمبەر ئەو یەکێتییەدا دامەزراند، ئەو کۆمیتەیە پێی وابوو کە ئەدەبی نەرویجی (لە باکووردا) پێویستی بە گوژمێک هەیە.



بیۆرن و کەریم مستەفا لە یەکێ لە چالاکییەکانی ڕێکخراوی (سۆلیدارێتی نەرویجی ـ کوردی) لە فینسنێس لە باکووری نەرویج ـ ساڵی ١٩٩٢

### بیۆرن، تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە:

- شیعرەکانی باپیرم، ١٩٨٧ (کۆمەڵێ شیعری باپیریەتی، کۆی کردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە)
- ماچ، ١٩٨٨ (کورتە چیرۆکێکی شیعرییە و کراوە بە سیناریۆی فیلمێکیش)
- یاخیبوون/ ڕاپەڕینی لاڵەکان، ١٩٨٨ (ڕۆمانەشیعر و پەخشان)
- گەڵا شیعر، ١٩٨٩ (کۆمەڵێ شیعر و پەخشانە)
- سەرگۆزەرە، ١٩٩١ (کۆمەڵەشیعر)
- حسابات، ١٩٩٣ (کۆمەڵە پەخشانەشیعرە)
- گەشتێ بۆ (نورلیس*)، ١٩٩٤ (نۆڤڵێکە بۆ منداڵان)
- ڕۆمانێکیشی ئامادەی چاپە، (باسی ژیانی پڕ زەحمەتی ماسیگرەکانی نەرویج دەکات لە ساڵانی ٤٠ تا ٤٥ ئەو سەردەمەی نەرویج ژێردەستەی ئاڵمانیای نازیست بوو)

ساڵی ٩١ بە هاوکاریی ئێمە کۆمیتەیەکی بۆ پاڵپشتی لە خەڵکی کوردستان دامەزراند. بە ناوی (کۆمیتەی سۆلیدارێتیی نەرویجی ـ کوردی). شایانی باسە کە ئەو ڕێکخراوە دووەم ڕێکخراوی لەو جۆرە بوو لە نەرویجدا و یەکەم ڕێکخراو بوو لە باکووری هێڵی پانی ٦٠ لە جیهاندا.

ئەم ڕێکخراوە چەند چالاکییەکی نواند بۆ ناساندنی ئەدەب و کولتووری کوردی بە خەڵکی ئەو دەڤەرە و لە چەند کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی سیاسیدا بەشدار بوو بۆ هەمان مەبەست.

ل٢٨